سەماحەتی حەکیم لەگەڵ باڵیۆزی بەریتانی کۆتایی پێهێنانی کاری هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی و قەرەبووکردنەوەی بۆ پەیوەندی دوو قۆڵی لەگەڵ وڵاتەکان تاوتوێ دەکات



بەڕێز عەمار حەکیم سەرۆکی ڕەوتی حیکمەی نیشتمانی چاوی بە بەڕێز ستیفن هیتچین بالیۆزی بەریتانیا لە بەغدا کەوت و پیرۆزبایی لە خۆی و وڵاتەکەی کرد بەهۆی سەرکەوتنی هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییە و پێکهێنانی حکومەتی تازە، هەروەها جەختی کردەوە لەسەر پتەوکردنی پەیوەندی دوو قۆڵی نێوان هەردوو وڵات کە بەشێوەیەك بێت خزمەتی بەرژەوەندی هاوبەش بکات و سەروەری عێراقیش تێدا پارێزراو بێت.

سەماحەتی جەختی کرد لەسەر گرنگی کۆتایی پێ هێنانی دەسەی هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی بۆ لەناوبردنی داعش، گوتیشی گرنگە ئەو هاوپەیمانێتییە لەگەڵ وڵاتانی ئەو هاوپەیمانێتییە بگۆڕێت کە لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش و پەیوەندی دوو قۆڵی بێت.

سەماحەتی دووپاتی کردەوە کە گرنگە پالپشتی کرانەوەی عێراق بەرامبەر دەوروبەری هەرێمی و نێودەوڵەتی بکرێت لەبەر ئەوەی ئەزموونەکان سەلماندوویانە کە ناوچەکە و هەموو جیهانیش پێویستی بە سەقامگیری عێراق هەیە.

داواشی کرد شەڕی کۆمەڵکوژی لە غەزە بوەستێنرێت و پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی سەرکەوتنی بەهای مرۆڤایەتی و یاسا و عورفە نێودەوڵەتییەکانی بوێت کە ئێستا قەوارەی زایۆنی پێشێلیان دەکات بە کوشتنی منداڵان و ژنان و پیرو پەککەوتەکان و خانوەکانیان بەسەردا دەڕووخێنێت.